٢١٣
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق



٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

لەم ساڵانەی رابردوودا ٨٥نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی درووست کراون و فراوانکراون کە مەرکەزی هەولێر و قەزا و ناحییەکان و ناوچە دوورەکانیشی گرتۆتەوە

هەر لەو ساڵانەدا ١٩٢ بنکەی تەندروستی و خانووی کارمەندانی تەندروستی لە سەرئاستی پارێزگای هەولێر نۆژەن کراونەتەوە

# دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی شێرپەنجە لە دهۆک

هەر لە میانەی زیاتر پێشکەشکردنی خزمەتی تەندروستی بە هاوولاتییانی هەرێم، رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێکەوتی ١٢ ی حوزەیرانی ٢٠١٣ بەردی بناغەی پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی شێرپەنجەی بە شێوەیەکی مۆدێرن لە دهۆك دانا کە ١٠٠ قەرەوێلە لەخۆدەگرێت و بە شێوەیەکی ئەندازەیی مۆدێرن دروست دەکرێت و پێشوازی لە نەخۆشانی تووشبوو بە شێرپەنجە لە دەڤەرەکە دەکات.

٢١٣

لیستی پارتی دیموكراتی كوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق





# كردنەوەی سەنتەری نەخۆشییەكانی

لە پڕۆژە تەندروستییەكانی ئەمساڵی كابینەی هەفتەمی حكومەتی هەرێم، لە ڕێكەوتی ٢٦ ی ئاداری ٢٠١٤ بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی و پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر لە ڕێوڕەسمێكی شایستەدا، سەنتەری نوێی نەخۆشییەكانی سینگ وكۆئەندامی هەناسە لە هەولێری پایتەخت كرایەوە. ئەم سەنتەرە كە بە دیزاینێكی سەردەمییانە دروستكراوە، گەلێك



**٧٦**

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

## لیستی پارتی بەڵێن دەدات چاو بەسیستەمی تەندروستی و ژینگەپارێزیدا بگێڕێتەوە و کەموکورتییەکانی چارەسەر بکات

## ڕێکخستنەوەی کاری خەستەخانە ئەهلییەکان لەسەر بنەمای خزمەتگوزاری باشتر و نرخی هەرزانتر



## سینگ و هەناسە

ئامێری پێشکەوتوو لەخۆدەگرێت و خزمەتێکی بەرچاوی هەیە بۆ چارەسەرکردنی تووشبوون بە نەخۆشی سیل. کۆژمەی تێچووی ئەم سەنتەرە زیاترە لە ٢ ملیار دینار.

## کردنەوەی باڵەخانەی نەخۆشخانەی چاو لە دهۆک

لە ڕێکەوتی ١٢ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٣ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری تەندروستی هەرێم و وەزیری پلاندانان و ئاوەدانکردنەوە هەڵسان بە کردنەوەی باڵەخانەی نەخۆشخانەی چاو لە دهۆك. ئەم نەخۆشخانەیە بە شێوەیەکی سەردەمییانە دروست کراوە و پێشکەوتووترین ئامێری پشکنین و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی چاو لەخۆدەگرێت بە چارەسەری تیشکی لێزەریشەوە لەگەڵ ستافێکی تەواوی پسپۆڕانی چاو.




# دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە دهۆک

**٧٦**

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان**

## پێویستە سیستمی هاوردەکردنی داودەرمان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵێکی توندو بەهیچ جۆرێک رێگا بەهێنانی دەرمانی خراپ نەدرێت

## لیستی پارتی بەڵێن دەدات بایەخی زیاتر بەژینگە پارێزی بدات و هەموو ئەو رێکارانە توندوتۆڵ بکات کە ژینگە و ئاو و دارستان و شوێنە سروشتییەکانی دەوروبەری هەولێر لە پیس کردن دەپارێزن

# دانانی بەردی بناغەی نەخۆشخانەی گشتی شێلادزێ سەر بە قەزای ئامێدی

لە پێناو بەرزکردنەوی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاوڵاتییانی هەرێم، لە رێکەوتی ٢٦ ی حوزەیرانی ٢٠١٣ رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەری وەزیری تەندروستی هەرێم بەردی بناغەی پرۆژەی نەخۆشخانەی ئافرەتان و لەدایکبوونی لە شاری دهۆك بە کوژمەی٦٢ ملیار دینار دانا کە ٣٠٠ قەرەویلە لەخۆدەگرێت و پێکهاتووە لە هۆڵی لەدایکبوون و چەندین ژووری نەشتەرگەری و بەشی چاودێرێ چڕ و تاقیگە لەگەڵ چەندین ژووری تایبەت بە چاودێریکردنی منداڵی تازەبوو.

لە هەمان رۆژدا، رێزدار نێچیرڤان بارزانی بەردی بناغەی پرۆژەی نەخۆشخانەی گشتی شێلادزێ سەر بە قەزای ئامێدی لەسەر رووبەری ١٩٥٠٠ مەتر دووجا بە کوژمەی ٤٥ ملیار دینار دانا کە ١٠٠ قەرەویلە لەخۆدەگرێت.